# دەستەی دەروازە سنوورییەکان ژمارەیەک هۆشونی بەپەلەی خۆپارێزی دەگرێتەبەر



دەستەی دەروازە سنوورییەکانی عێراق رایگەیاند، ئەمڕۆ چوارشەممە دوای گەیشتنی هێنمایییەکانی محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق دەستیانکردوە بەجێبەجێکردنی ژمارەیەك هۆشونی بەپەلەی خۆپارێزی، بەمەبەستی گواستنەوەی ئەو کێنتێنەرانەی کە ماددەی مەترسیداریان تێدایە.

دەستەی دەروازە سنوورییەکان لە راگەیەندراوێکدا باویکردەوە، لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی هێنمایییەکانی سەرۆك وەزیرانی عێراق، دەستەی دەروازە سنوورییەکان دەستیکردوە بە پێکهێنانی لیژنەیەکی تەکنیکی بۆ گرتنەبەری هۆشونی خۆپارێزی بۆ لابردنی ئەو کێنتێنەرانەی کە ماددەی کیمیایی و ماددەی دو بەکارهێنانیان تێدایە بەپێی پڵانکردنی دەریایی ماددەی مەترسیدارەکان و لابردنی دەستبەجێیان لە بەندەرەکان دوای وەرگرتنی هەزارەندی دادوەر بۆ ناوچەی دەستبەسەرکردن لە هەدامە و دور لە ناوچەی نیشتەجێبون و کێبونەوەکان".

ئاماژەی بەوەشکردوە، پشکنینی شوێنەکە و بەڵگەنامەکانی هاوپێچ بونی دو بار دەرکەوت کە

ماددەیان تێدایە کە وەک مادەی کیمیایی مەترسیدار پێناسەنکراون، بۆیە دەستیان بەسەردا گیراوە.

ئەوەش پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە لیژنەکەی پێشنیاری بەردەوامبوونی چالاککردنی کۆنتێنەرەکانی بە پلەیەکی بەرزی مەترسی کردوە تا (2.1) سەبارەت بە بارێ نوێ دوای تەواوکردنی کارە یاساییەکان و هەژامەندییە فەرمییەکان.

دەستەی دەروازە سنوورییەکانی عێراق جەختی لە پێویستی دابینکردنی پێداویستییەکانی سەلامەتی پیشەیی لە بەندەرەکانی عێراق و جێبەجێکردنی یاسای پەیوەندیداری ژینگە و گومرگی کردەوە و باسی لەوەشکرد، "سەبارەت بە بارە کەمتر مەترسیدارەکان، لیژنەکەی پێشنیاری کردوە کە بگوازرێنەوە بۆ شوێنە دیاریکراوەکانی هەڵگرتن لە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی تونددا، لە هەمانکاتدا دڵنیابن لەوەی کە مەرجەکانی سەلامەتی ستاندارد جێبەجێدەکرێن.